www.kurdistannet.org
16-10-2005 16:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ديموكراسييەت بی دەرفەتی يەكسان.. . ميوەيەكی بۆگەن ... چيمەن سالَح



چەند جارێك گوێبيستی ئەو هەواڵە بووين كە لە ميدياكاندا بڵاوبووەتەوە، سەرۆكی ئەمريكا يان وڵاتانی ديكەش پێشوازييان لە منداڵێكی ئاسايی كردووە، تەنيا لە بە ر ئەوەی ئەو منداڵە خولياى ئەوەی هەيە ببێبە سەرۆكی ئەو وڵاتە، زاناكانی بواری سياسەت زۆر بە روونی ئەوەيان روون كردووەتەوە كە ديموكراسييەت بەر لەهەموو شتێك واتا رەخساندنی دەرفەتی يە كسان بو ئەندامانی گەلێك.
بەڵام ئاخۆكێ لە ئێمە زاتی ئەوە دەكات خەونێك ببينی، لەو جۆرە خەونێك زۆر لە خوارتر بی. كێ حەدی هەيە لە ناو دانوستاندنەكانی ژووره داخراوەكانی بە خشينەوەی كورسی، خۆپاڵاوتنی لە گەڵ مسۆگەريی كورسيەكە لە پێشەكيدا، ناوی بێ ئەگەر خزم و دەست و پێوەندێك نەبی، جا با هەر ناوو تێكۆشەرو زاناو بليمەتێك بێ، با هەر لاوێكی وريا و پيرێكی بە بە هرەو ژنێكی هوشيار بێ؟!!!
ئايا بە بێ ئەو دانيشتنی بە خشينەوانەش، دەرفە تێكی تر هەيە بێتە بەر دەمی گەل و لە پرۆسەيەكی تەواو ديموكراسيدا داوای متمانە بكات؟!!

ئەی ئەگەر ديموكراسييەتێك دەرفەتی يەكسان بۆئەندامانی گەل نەڕەخسێنی، گەل ئەو كەسانە نەناسێ دەبنە دەمڕاست و داكۆكی لێكەری، چۆن وەڕس نابێ، لەوەی هەر دەنگ بدات و دەنگ بدات.
دەنگ دانيش بۆ ئەوە بێ خەڵكانێك لە سەر كورسی دانيشن، بێ هيچ، ئە هلييەتێك.
يە كێك لە هۆكارەكانی وەڕس بوون لە پرۆسەی سياسی نەبوونی دەرفەتی يەكسانە لە سەر هەموو ئاستێك، هەر لە بچووكترينەوە تا بەرزترين، چونكە بەبوونی دەرفەتی يەكسان، كەسی شياو دەچێتە شوێنی شياو وهەمو كەسێكيش خۆی بە خاوەن و بە شێك لە پرۆسەی سياسی دادەنێ، بێزار نابێ بەڵكو وەك پێويست لە پرۆسەكە دێتە پێشەوە و مومارەسەی مافەكانی خۆی دەكات.
ئەگەرنا، ديموكراسييەت بێرەخساندنی دەرفەتی يەكسان ميوەيەكی بۆگەنەو خەڵكی لێی دوور دەكەونەوە.